www.kurdistannet.org
5-7-2007 1:50بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**درامای ئاریا واقیعی کۆمەڵگای کوردییە یا دنیای نێو زەینی دەرهێنەر؟ ... ئاراز خدر:**

زۆربەی فیلمەکانمان لە هەوڵی بەدناو کردن یا خۆشناو کردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵ دان. ئەوەش لە ئایدیۆلۆژییەکی مارکسیستییەوە دێ کە بە پێی چینی کۆمەڵایەتی بڕیار لە سەر کەسەکان دەدا. بۆ وێنە سەرجەم بۆرژوا بە خراپ دادەنێ و بە گشتی کرێکار بە باش دەزانێ. فیلمسازەکانمان بە زۆری وەدوای هێندێک قەزاوەتی پێشوەعدەی کۆن بووی ئیکسپایەر دەکەون، بۆ وێنە حاجی خراپن، ئارەقخۆر باشن، کوردیپۆش بەد و بەدفەڕ یان پلە نزم و فیتنەگێر و شتی وان و کەسی نیوەڕووت پاک و موحتەرەمن. ئەوە بە جۆرێک دروست کردنی سیمبۆل و هێمایە کە لە گەڵ کارێکی هونەریی سەرکەوتووانە لێک دوورن.

کاتێک دەرهێنەری فیلم بە پەیڕەوی لە ئایدیۆلۆژییەکی دژە ئایین هێمایەکی نەگەتیڤ لە مەلای کورد دروست دەکا، فیلمەکەی ڕەنگدانەوەی واقیع نیە. دەرهێنەر مەلا وەک چۆن هەیە نیشان نادا. ئەو حەز دەکا لە ڕێگای فیلمەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە مێدیای دەستەڵات شەڕێک دژی مەلا ڕابگەیێنێ و مەلا ئاوا نیشان دەدا کە خۆی حەزی پێ دەکا. ئەویش بە گوێرەی بوختانەکانی کە لە نێو مێشک و خەیاڵی هونەرمەندانەی خۆی دایە نەک لە دنیای واقیع دا. ئەوە کە مارکس گوتوویە دین وا بوو وا چوو، ئیتر قوتابییەکانی وەک تووتی ئەو شتە دووپاتە دەکەنەوە. نابینن کە مەلای کورد لە گەڵ ئەو قەشەیە کە مارکس بە پشتیوانی سەرمایەی دەزانێ، جیاوازیی هەیە. هەر چەند ئێستا ڕۆشنبیران هەموو هەر نۆکەری سەرمایەدارییەن و ئیتر ئەو ڕەخنەیەش باوی نەماوە.

ڕادەی بەشداریی پیاوانی ئایینی لە خەبات و شۆڕش لە مێژووی مۆدێڕنی کوردستان دا واقیعێکە کە بە چاوی دەرهێنەری فیلمی ئاریا نابیندرێ. چاوی دەرهێنەر مەلای کورد هەر بەو چاوە دەبینێ کە مارکس قەشەی کاتی خۆی پێ دیوە. مارکسیش ئەگەر مەلا ئەحمەدی خانی، مەلای گەورەی کۆیە، شێخ سەعید، شێخ عبیداللە، شێخ عبدالسلام، پێشەوا قازی محەممەد، مەلا مستەفا، مەلا محەممەدی دڵگەیی، شێخ حسێن شێخ کاکە حەمەی هەزارکانی و هەزاران کەڵە پیاوی وای ناسیبایە تیئۆریی وای نەدەدا.

با هەموومان ئەژنۆی خەم لە باوەش بگرین بۆ هونەری فیلمی کوردی کە بە شێوەیەکی پۆپۆلیستی بە دەوری چەند لۆمە و لەقەمی باوی سەر زاران هی سەدەی ڕابردوو دا دەخولێتەوە و لە جیاتی وردبینییەکی هونەری و داهێنان، خەریکی سازکردنی سیمبۆل لە چین و توێژەکانە بێ ئەوەی توانای چوونە ناخ و قووڵایی کەسایەتیی تاکەکانی هەبێ. هونەری فیلم دەبێ شتێک ببینێ کە بۆ خەڵکی ئاسایی دیتنی ئاستەمە. ئاستی نزم و لاوازی ئەو جۆرە فیلمە بۆ وێنە لە زنجیرەی ڕەشەی پۆلیس دا دەبیندرێ کە زیاتر سیمبۆلسازیی دەکا هەتا ئەوە بچێتە نێو قووڵایی بابەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.